


الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على خاتم المرسلين محمد صلى الله عليـه و على آله وصحبه أجمعين .

خۆشەویستان وەك لە لای هەموو خاوەن هزر و بیرێك ئاشكرایە كە مرۆڤی باوەڕدار دەبێت هەڵوێستی هەبێت لە ئارام گرتن بەرامبەر بە تاقیكردنەوەكان كە لە ژیاندا دێنە ڕێگای مرۆڤ ، جا یەكێك لەو فیتنە و تاقیكردنەوانەی كە مرۆڤ دەبێت خۆڕاگربێت لە بەرامبەریدا فیتنەی پارە و ماڵ و سامانە .

پارە و ماڵ فیسشستنەیەكی یەكجار ترسناكە كە لەم سەردەمەدا خەڵكانێكی زۆر توشی بوون .

چەند كەس لە خەڵكی تووشی فیتنەی پارە بوو : وازی هێنا لە بانگەواز و زانستی شەرعی و دینداری وەكو پێویست .

وە چەند كەس لە خەڵكی تووشی فیتنەی پارە بوو : ڕیبای خوارد ؟

وە چەند كەس لە خەڵكی تووشی فیتنەی پارە بوو : ماڵی تالآنی و فەرهود و ڕاورووتی خوارد ؟

وە چەند كەس لە خەڵكی تووشی فیتنەی پارە بوو : ماڵی خەڵكی زەوت كرد؟

وە چەند كەس لە خەڵكی تووشی فیتنەی پارە بوو : وازی لە نوێژ هێنا ؟

وە چەند كەس لە خەڵكی تووشی فیتنەی پارە بوو : ستەمی كرد لە وەسێتەكەی بەشی نێرینەی داو مێینەی بێ بەش كرد؟

وە چەند كەس لە خەڵكی تووشی فیتنەی پارە بوو : تەكەبوری كرد لە سەر زەوی وستەمی كرد لە بەندەكانی خوا ؟

خوای گەورە دەفەرموێت :
﴿إِنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ وَاللَّهُ عِندَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ﴾[سورة التغابن : ١٥] .

واتە: بەڕاستی ماڵ ومنداڵتان تەنیا هوی ئەزموون و تاقیكردنەوەی ئێوەن ،

لـە حاڵێکـدا پاداشـتی زۆر و مـەزن لای خوایە .

وە پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرمووێت : ((إن لكل أمـة فتنـة ، وفتنـةُ أمتـي الـمال))[1].

واتە : بۆ هـەموو گـەلێك شـتێك هەیـە پێی تاقی بکرێتەوە ، وە تاقیکردنـەوەی ئوممەتەکەی من پارە و ماڵە .

جا ئەی بەندەکانی خوا ئەو ماڵەی لـە بەردەسـتمان دایـە مـاڵی خوایـە وەك لـە قورئاندا فەرموویەتی :
﴿وَآتُوهُم مِّن مَّالِ اللَّهِ الَّذِي آتَاكُمْ﴾ [سورة النور:٣٣] .

واتە : لەو ماڵەی خـوا کـە بـە ئێـوەی داوە ، بەشی ئەوانی لێ بدەن .

وە ئەو ماڵـەی کـە لـە بـەر دەسـتمان دایە زینەتو ڕازاندنەوەی ژیانی دونیایە ، خوای گەورە فەرموویەتی :
﴿الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ [سورة الكهف : ٤٦] .

وە مرۆڤیش بە سروشت و تەبیعـەتی پـارەو مـاڵی یـەکجگار خـۆش دەوێـت ، خوای گەورە فەرموویەتی :
﴿وَتُحِبُّونَ الْمَالَ حُبًّا جَمًّا﴾ [سورة الفجر : ٢٠] .

جا خوای گەورە لەم ژیانی دونیایـەدا خەڵکی بە پارەو پول تاقی کردووەتـەوە ، خـەڵکانی وا هەیـە خـوای گـەورە بـە دەوڵەمەنـدی تـاقی کردووەتـەوە بـۆ ئەوەی بزانێت شوکرانە بژێر دەبێت یان کوفرانە بژێر دەبێت .

وە لە خەڵکانیش هەیە خـوای گـەورە بە هەژاری و نەبوونی و کـەم مـاڵی تـاقی دەکاتەوە ، بۆ ئەوەی بزانێـت لـە ئـارام گران دەبێت یان لەوانە دەبێت کەوا کوفر دەکەن .

پەروەردگار فەرموویەتی :
﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوفْ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الأَمَوَالِ وَالأنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ﴾ [سورة البقرة : ١٥٥].

واتـە : ئێـوە تـاقی دەکەینـەوە بەهەنـدێك لـە تـرس و برسـێتی و کـەم کردنـەوەی مـاڵ و زیـانی گیـانی و کـەم کردنەوەی بەرهـەم ، و مـژدەش بـدە بـە ئارام گران .

لـە گـەڵ ئەوەشـدا خـوای گـەورە بەنـدەکانی ئاگـادار کردووەتـەوە لـە فیتنـەی پـارە و مـاڵ بەگـشتی ، خـوای پەروەردگار فەرموویەتی :
﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ عَن ذِكْرِ اللَّهِ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾ [سورة المنافقون : ٩] .

واتـە : ئـەی ئەوانـەی کـە بڕواتـان هێناوە ، ماڵ و منداڵتان لە یاد و زیکری خـوا غافڵتـان نـەکات ، وە هـەر کـەس وا بکات جا ئەوانە لە زەرەرمەندان دەبێت .

---
[1] صحيح الترغيب والترهيب رقم : (٣٢٥٣) .

لەگەڵ ئەو ئاگادارییە خوایانە کە چی زۆرینەیەك لە خەڵکی هەڵخەڵەتاون و تووشی فیتنەی پارە و ماڵ بوون ، وەك خوای گەورە لە چەند شوێنێکدا باسی لێوە دەکات ، جا هەندێکیان بووە بە هاوڕێکەی خۆیی ووتوە :
﴿أَنَا أَكْثَرُ مِنكَ مَالًا وَأَعَزُّ نَفَرًا (٣٤) وَدَخَلَ جَنَّتَهُ وَهُوَ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ قَالَ مَا أَظُنُّ أَن تَبِيدَ هَذِهِ أَبَدًا (٣٥)﴾ [سورة الكهف] .

واتە : من ماڵ و سامان و کەس وکارم لە تۆ زیاترە ، وە لە حاڵێکدا ئەو دەرهەق بە خۆی ستەم کار بوو ڕۆیشتە ناو باخەکەی و ووتی : باوەڕناکەم قەت ئەم باخە لە ناو بچێت ؟

وە هی واش بووە بە قەومەکەی خۆی ووتوە :
﴿إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَى عِلْمٍ عِندِي﴾ [سورة القصص : ٧٨] .

واتە : من ئەم ماڵ و سامانە بە لێزانی خۆم پەیدام کردووە .

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگاداری ئوممەتەکەی کردووەتەوە لە فیتنەی پارە و ماڵ بە توندترین شێوە لە چەندەها شوێندا .

١ ـ لە (ابن مسعود)ەوە (رضي الله عنه) کاتێك کە یارمەتی خەڵکی دەدا ، پیاوێك هات بۆ لای هەزار دیرهەمی داپێی و پێی ووت : وەری گرە من گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) دەیفەرموو : دیرهەم ودینار ئەوانەی بەر لە ئێوەی لە ناو برد ، وە هەر ئەو دوانەش لەناو بەری ئێوەن[٢] .

جا خوشك و برایانم : چەندین کەس بە هۆی پارەوە لە ناو چووە و وازی لە دینی خوا هێناوە و قیامەتی فرۆشتووە بەچەند شتێکی بێنرخی دونیا هەروەك دەبینین و دەبیستین لە خەڵکانێك کە لە ئەصڵدا موسڵمانن بەڵام کاتێك کە سەفەر دەکەن و دەچن و نارەحەتی ڕێگای وولاتانی کوفر و ئەورووپا دەبینن لە پێناو پارە و ماڵدا ، وە ژیان لەوێ بەسەردەبەن و ناسنامەی ئەو وولاتانەشیان بەدەست دێنن ، هەموو شتە بەنرخەکانی وەك نەفس و دین و ناموس و شەرەف دەفرۆشێت لەبەر پارە ! ؟

٢ـ وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((ما ذئبان جائعان أرسلا في غنمٍ ، بأفسد لها من حرص المرء على المال والشرف لدينه))[٣] .

واتە : دوو گورگی برسی بچێتە ناو "مێگەلە مەڕێك" چەند زەرەر دەدات ، بەهەمان شێوەش سوور بوون وجەخت کردنی مرۆڤ بۆ پارە وپلە وپایە ئاوها

---

[٢] صحيح الترغيب والترهيب رقم : (٣٢٥٨) .
[٣] صحيح الترغيب والترهيب رقم : (٣٢٤٦) .

زەرەر دەدات لە دینەکەی بگرە زیاتریش.

٣ ـ (أبو ذر الغفاري) (رضي الله عنه) دەفەرموێت : چووم بۆ لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە سێبەری کەعبەدا دانیشتبوو ، کاتێك بینیمی فەرمووی : بە پەروەردگاری کەعبە ئەوان خەسارەت مەندن ، (أبو ذر) (رضي الله عنه) دەفەرمووێت : منیش هاتم ودانیشتم زۆر نەمامەوە و هەستام و ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ـ دایك و باوکم بە قوربانت بێت ـ کێن ئەوانە ؟

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : ((هم الأكثرون أموالاً إلا من قال هكذا ـ من بين يديه ومن خلفه وعن يمينه وعن شماله ـ وقليلٌ ما هم))[٤] .

واتە : ئەوانەن کە پارەیان زۆرە ، ئیللا ئەوانە نەبێت کە پارەکانیان دەبەخشن بە سەر ئەوانەی پێش و پاش و ئەوانەی لای ڕاست و چەپیان ، وە ئەوانەش کەمن .

جا خۆشەویستانم : با بەیەکەوە بچین فێری صەبر و ئارام گرتن بین لە بەرامبەر فیتنەی پارەوپول لەم پیاوە کوێرەوە کە پێغەمبەری خۆشەویستمان (صلى الله عليه وسلم) ڕووداوەکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن بە پارەوپول تاقی کرایەوە و ئارامی گرت و زانیویەتی هەرچی هەیە هەمووی نیعمەتی خوایە .

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : سێ کەس لە بەنی ئیسرائیل : خوای گەورە ویستی تاقیان بکاتەوە گولێك و کەچەڵێك و کوێرێك ، مەلائیکەتی بۆیان نارد : هات بۆ لای گولەکە و پێی ووت : چ شتێکت لەلا زۆر خۆشەویستە ؟ ووتی: ڕەنگێکی جوان و پێستێکی باش و ئەوەی خەڵکی بەهۆیەوە بێزم لێدەکاتەوە لەسەرم لاچێت ، مەلائیکەکەش بۆی سڕیەوە و ئەو پیسییەی کە پێوە بوو لاچوو ، وە ڕەنگێکی جوانیشی پێ درا .

وە پێی ووت : چ ماڵێکت لە لا خۆشەویست ترە ؟ ووتی : ووشتر ، یان مانگا ـ دوو دڵی لە ڕاویەکەدایە ـ جا ووشترێکی ئاوسی پێ درا ، ووتی : خوا بەرەکەتی تێکا .

پاشان هات بۆ لای کابرای کەچەڵ و پێی ووت : چ شتێکت لە لا خۆشەویست ترە ؟ ووتی : مویەکی جوان ، و ئەوەی خەڵك بەهۆیەوە بێزم لێ دەکاتەوە لە سەرم لا چێت ٠

جا سەری سڕییەوە و ئەوەی و لەسەری بوو لاچوو ، و موویەکی جوانی پێدرا ٠

---

[٤] صحيح مسلم رقم : (٩٩٠) .

ووتـــی : ئـــەی چ ماڵێکـــت لـــە لا خۆشەویست تـرە ؟ ووتـی : مانگـا ، جـا مانگایەکی ئاوسی پێ دراو ، ووتی : خـوا بەرەکەتی تێکا بۆت .

پاشـان هـات بـۆ لای کـابرای کـوێر و پێی ووت : چ شتێکت لە لا خۆشەویست ترە ؟ ووتی : خوای گەورە چاوەکانم بـۆ بگێڕێتـەوە و خـەڵکی پـێ ببیـنم ؟ جـا سڕییەوە و خوای گەورە چاوەکانی بۆی گێڕایەوە ، مەلائیکەتەکە ووتی : ئـەی چ ماڵێکت لە لا خۆشەویست ترە ؟ ووتـی : مەڕ ، جا مەڕێکی ئاوسی پێ درا .

وە لەوەی پێیان درا هاتنە بەرهەم .

بۆ ئەوەیان دۆڵی ووشتر، و بۆ ئـەویان دۆڵی مانگا ، و بۆئەویتریانیش دۆڵی مەڕ.

﴿کەواتە هەرسێکیان بـوون بـەخاوەن ماڵ و دەوڵەمەند بـوون و لـەش سـاغیان بـــۆ گێڕدرایـــەوە جـــا بـــا بڕوانینـــە سەرئەنجامەکەی ، وە ئەوەی کە ئەصڵ وفەصڵەکەی لە بیر دەکات ، وە بڕوانینە پیـــسکەی و ڕەزیلـــی چـــی لـــە مرۆڤـــ دەکات﴾ .

جا مەلائیکەتەکە هات بۆ لایان .

هات بۆ لای گولەکە لـە سـەر شـێوە و هەیئەتی خۆی بۆ ئەوەی بـیری ڕابـورد و فەقیری بخاتەوە .

ووتـــی : پیـــاوێکی فـــەقیرم و لەسـەفەرەکەم هـیلاك و مانـدووم هـیچ شـتێکم پـێ نیـیە ئـەمڕۆ پـێی بـڕۆم ، تەنها بەیارمەتی خوا و پاشان تـۆ نـەبێت .

داوات لێدەکـەم بـەو زاتـەی کـە ئـەو ڕەنگە جوانە و ئەو پێستە جوانـە و ئـەو ماڵەی پێت بەخشیوە ، ووشترێکم بدەرێ تاوەکو سەفەرەکەمی پێ بکەم .

﴿دە بـا بـڕوانین چـیرۆکەکان دوبـارە دەبێتەوە لەم ڕۆژگارەی خۆمان لـە گـەڵ زۆربـەی دەوڵەمەنـدە چـاو برسـێکانمان ئـیللا مەگـەر کەسـێك نـەبێت کـە خـوا ڕەحمی پێ کرد بێت ، بزانین گولـە چـی ووت ؟﴾ .

ووتی : مافەکان زۆرن .

مەلائیکەتەکەش پێی ووت : هەروەك بڵێیـت بـت ناسـم ، ئایـە تـۆ نـەبوویت گـەڕوگول بوویـت خـەڵکی بێـزی لێـت دەکـردەوە ، فـەقیر بوویـت و خـوا پێـی بەخشیت ؟

گولەکەش ووتی : مـن ئـەم ماڵـەم بـە میراتی بۆ ماوەتەوە لە گەورەکانمەوە.

﴿بڕوانە ئەصڵ و فەصڵی خۆی لە بیر کـرد ، دڵـی پـڕ لـە پیـسکەییە ، دەوڵەمەنـدی وەهایـە گـەر پێـی بڵێـی : ئەوە کارێکی خێرە بەشداربە تێیـدا ئـەی دەوڵەمەنـد ، تەماشـا دەکـەیت ئـەو بـە چـاوێکی سـووکەوە تەماشـات دەکـات ،

هەیانە نەوەك داوای خێری لیٚبکرێت واز لە نوێژی مزگەوت دەهێنیٚ !

بڕوانن چۆن ڕەزیلی و پیسکەیی پاڵی بەم گولەوە نا درۆ بکات و بڵێت : من ئەم ماڵەم بە میرات لە باو باپیرمەوە بۆم ماوەتەوە !﴾ .

مەلائیکەتەکە پێی ووت : گەر درۆ دەکەیت ئەوە خوا بت گێڕێتەوە بۆ ئەو حاڵەی کە تێیدا بوویت .

﴿وە ئاشکراشە کە دووعای مەلائیکەت قەبوڵە ، وە نیعمەتیش بە ڕەزیلی و پیسکەیی لە ناو دەچێت .

جا ئەی دەوڵەمەند ، ئەگەر خوا منەتی کرد بە سەرتا نەکەی ئەصلٚ وفەصڵی خۆت لە دەست بدەی لە کاتێکدا تۆ ئێستا دەست ڕۆی ، شوکری خوا بکە و ئاگادار بە لەوەی کە خوا سزات بدات بە هۆی پیسکەیی و ڕەزیلی لەو ماڵەی کە پێتی بەخشیوە لێت بسەنێتەوە ئەمجا تۆ دەست لە خەڵك پان بکەیتەوە لە دوای ئەوەی خەڵکی داوایان لێت دەکرد﴾ .

پاشان هات بۆ لای کابرای کەچەلٚ لەسەر شێوە و هەیئەتی جارانی ئەو ، هەروەهای بەویش ووت .

ئەویش هەروەکو کابرای گول وەڵامی دایەوە و ووتی : گەر تۆ درۆ دەکەیت ئەوا خوا بت گێڕێتەوە سەر ئەو حاڵەی کە تێیدا بوویت .

وە هات بۆ لای کابرای کوێر لە سەر شێوە و هەیئەتی جارانی ئەو و ووتی : پیاوێکی هەژار و ڕێبوارم دەرفەتم لە بەر نەماوە لە سەفەرەکەم وە من هیچ شوێنێکم نەماوە ئەمڕۆ ئیللا خوا و پاشان تۆ نەبێت .

﴿لێرەدا کابرای کوێر بیری ڕابووردووی خۆی کردەوە ، ئەوەندە ئیمانی هەبوو کەوای لیٚکرد کەئەصلٚ و فەصڵی خۆی لە بیر نەچێتەوە﴾ .

کاتێك کابرای کوێر پیاوە هەژارەکەی بینی پێی ووت : من کوێر بووم خوای گەورە چاوەکانی بۆ گێڕامەوە جا ئەوەی دەیبەیت بیبە ، سوێند بە خوا ئەمڕۆ دەست ناخەمە ڕێت هەر شتێك تۆ بیبەیت کە لە بەر خوای گەورە بێت .

ئا لێرەدا فریشتەکە پەردەی لە سەر ڕاستی خۆی والآ کرد و پێی ووت : ماڵەکەی خۆت بۆ خۆت ، تاقی کرانەوە ، ئەوە خوا لێت ڕازی بوو ، وە خوا لە دوو هاوڕێکەت توڕە بوو[٥] .

جا با بڕوانن : ماڵەکەی چۆن مایەوە و زیادی کرد ، و ئەم بەندەیەی خوا بە ماڵەکەی ڕەزامەندی خوای گەورەی بە دەست هێنا ، دە ئێوەش ووریا بن

[٥] صحيح البخاري رقم : (٣٤٦٤) وصحيح مسلم رقم : (٢٩٦٤).

خوای گەورە بە شێوازێك لـە شـێوازەكان تاقیتان دەكاتەوە .

ئـەو پەنـد و ئامۆژگاریانـەی كـە لـەم چیرۆكەوە وەری دەگرین : ـ

١ ـ بەخشین لە ڕێی خوا بەوەی كە لە بەردەسـتت دایــە لــە مــاڵی خــوا دەتگەیــەنێت بــە ڕەزامەنــدی خــوا و بەهەشت ، وە دەبێتە هـۆی زیـاد بـوونی مــاڵ و مانــەوەی ، وە پیــسكەیی و ڕەزیلی دەت گەیـەنێت بـەتوڕەیی خـوا و ئـاگری دۆزەخ ، وە هۆیەكیـشە بـۆ لـە ناوچوونی ماڵ و سامان .

٢ ـ مـاڵ وسـامان نیعمـەتێكی مەزنـە ڕەنگـە ببێتـە هـۆی ئـەوەی خاوەنەكـەی خوای لێ ڕازی بێت و بیخاتـە بەهەشـت ، لـە بـەر ئـەوەی دەوڵەمەنـد بـە مـاڵ و سامان خۆی لە خـوا نزیـك دەكاتـەوە تـا دەگاتــە ڕەزامەنــدی خــوا بــەو مــاڵ و سامانە ، وە ئەمەش پێویستی بەزانیاری یە .

دەوڵەمەندی خاوەن سامان پێویـستی بـە زانیاریـە بـۆ ئـەوەی بێتـەوە یـادی و ئەصڵ وفەصڵی خۆی لە بیر نەچێت بۆیە كابرای كوێر هـەر كـە ڕابـووردووی خـۆی هاتـەوە یـاد یـادی نیعمەتـەكانی خـوای كـردەوە و پیـسكەیی نـەكرد و ووتـی : ئەوەی دەتەوێ ببە ، كەواتە زانیاری لە گەڵ سامان قازانجی هەیە بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : ((الدنيا لأربع نفـر : عبد رزقه الله مالاً وعلماً فهو يتقي ربه فيه ويصلُ به رحمه ويعلم لله فيه حقـاً فهـذا بأفضل المنازل ، وعبد رزقه الله علمـاً ولم يرزقه مالاً فهو صادق النية يقولُ : لو كان لي مالاً لعملت فيه بعمل فلان فهـو بنيتـه فأجرهما سواء ...)) .

واتە : دونیا بۆ چوار كەسە : عەبدێك خوای گەورە ماڵ و زانیاری پـێ بەخـشی بـێ جـا ئـەو خـۆی لـە خـوا پـێ نزیـك دەكاتەوە و پەیوەنـدی خزمتیـەتی (صلة الرحم) پێ دەگەیەنێت ، وە دەزانێت كـە مافی خوای تێدایـە ، جـا ئەمـە باشـترین پلەی هەیە .

وە عەبدێك خوای گەورە زانیـاری پـێ بەخشیوە بەڵام ماڵی پێ نـەداوە ، بـەڵام ڕاسـتگۆیە لەنیەتەكـەی و دەڵێـت : گـەر مــاڵم دەبــوو ئــەوە وەك كــردەوەی فڵانەكەسـم دەكـرد ئـەوە بەنیەتەكـەی خۆی ئەوە پاداشتیان وەك یەك وایە .

زانیــاری قــازانجی پــێ بەخــشی بەهەژاری و دەوڵەمەندی .

((وعبد رزقه مالاً ولم يرزقه علماً يخبط في ماله بغير علم ، لا يتقي فيه ربه ولا يصل رحمه ولا يعلم لله فيه حقاً فهـو بأخبـث الـمنازل)) .

وە بەندەیەك خوای گـەورە مـاڵی پـێ بەخشیوە بەڵام زانیاری پێ نەبەخشیوە

، به بێزانیاری ماڵەکەی سەرف دەکات ، و خۆی لە پەروەردگار پێ نزیك ناکاتەوە و صیلەی رەحمیشی پێ ناگەیەنێت — واتە یارمەتی خزم و کەسە نزیکەکانی پێ نادا — وە مافەکانی خواشی تێدا نازانێت جا ئەوە پیس ترین پلەیە ٠

* نەزانی وەهایە هەزاران هەزار دینار لە رێگای خراپە و خراپەکاری سەرف دەکات گەر پێی بڵێیت : لە خوا بترسە ، یارمەتی هەژاران و لێ قەوماوان بدە ، هەروەك ئەوەی داوای رووحی لێ بکەیت وایە پەنا بەخوا ٠

((وعبد لم يرزقه مالاً ولا علماً ، فهو يقول : لو أن لي مالاً لعملت فيه بعمل فلان ، فهو بنيته فهما في الوزر سواء))[٦] .

وە عەبدێك خوای گەورە نەسامان و نە زانیاری پێ بەخشیوە و دەڵێت : گەر منیش سامانم دەبوو ئەوا منیش وەك کردەوەی فلانەکەسم دەکرد ( کە پارەو پولەکەی لە خراپەکاریدا سەرف دەکات) ئەوانە لە تاوانا وەك یەك وان .

* خەڵکی نەزان و نەفام زۆرە کە هیچی نییە و دەڵێت : گەر دەم بوو ئەوە خۆم دەم زانی چیم دەکرد — هۆڵی شایم دەکردەوە یان بارم دەکردەوە یان پارەم بەسوو دەدایە خەڵکی — وەك خەڵکە دەوڵەمەندەکانی ئەم سەردەمە کە پارە و پوولیان ـ پەنا بەخوا ـ زۆربەی لە رێگا ناشەرعێکاندا سەرف دەکەن ئیللا کەمیان نەبێت — جا ئەو بە نیەتە بۆگەنەکەی وەك ئەو وایە لە تاواندا .

٣ ـ پیسکەیی و رەزیلی خاوەنەکەی بەرەو درۆ کردن دەبات ، بڕوانە گول و کەچەڵەکە ، گولەکە ووتی : ((مافەکان زۆرن )) ، فریشتەکەش یادی خستەوە و ووتی : وەك ئەوەی بت ناسم تۆ گول نەبوویت خەڵکی قێزی لێت دەکردەوە هەژار بوویت خوا دەوڵەمەندی کردی ؟ درۆی کرد و ووتی :

من ئەم ماڵەم بە میراتی بۆ ماوەتەوە لە باو باپیرم ، کەواتە پیسکەیی خاوەنەکەی بەرەو درۆ رادەکێشێت ، وە چەندین دەوڵەمەند هەیە کاتێك داوای لێ دەکرێت دەستی یارمەتی بۆ پرۆژەیەکی خێر درێژ بکات ـ وەك مزگەوتێ یان قوتابخانەیەك یان پردێك یان لێ قەوماوانێك ـ یەکسەر عوزرێك دەهێنێتەوە و ئاشکراشە کە عوزرەکەی درۆیە ـ پەنا بە خوا ـ ...

وصلى الله على محمد و علـى آلـه و صحبه و سلم ...

---

[٦] صحيح سنن الترمذي رقم : (١٨٩٤) .